# دەوڵەتی عێراق و نیازەکانی جینۆسایدی کورد.

**عومەرمحەمەد**

تاوانی جینۆساید هێندە تاوانێکی گەورەیە، تەنانەت ئەگەرجێبەجێش نەکرێت، تەنها لەئارادابوونی نیازەکە لەو تاوانە لێخۆش بوونی نیەو دەچێتە خانەی تاوانە نیودەوڵەتیەکانەوە، کە ئەنجامدەرانی هیچ حەصانەیەکی نیودەوڵەتی نایانگرێتەوەو لەیاسا دەربازنابن، بەرلە ئەنفالکردنی کورد نیازەکانی جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن دەولەتی عێراقەوە، مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە، نەخشەی پەلامارەکانی ئەنفال دەری دەخەن دەوڵەتی عێراق، نیازی فەوتاندنو سڕینەوەی یەکجارەکی نەتەوەی کوردی هەبووە لەعێراقدا، بەتایبەتی کاتێك بەعس پەلامارەکانی بە سیستماتیك ئەنجامداو تاوانەکانی خستبووە، چوارچێوەی پلانێکی تۆکمەی سەربازیو سیاسیەوە، بەبەشداری تەواوی یەکەچەکداریەکان، وەکو جاشوجەیش شەعبیو تەنانەت هێزە لابەلاکانی تریش، بەچاوساغیو هاتنە سەرخەتی بەرێوەبەرایەتیەکانی ئەمنو موخابەرات، ئەمە جگەلەوەی پێشتریش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆرشی بۆ سازکراوەو بریاری 160ی بەرواری 29ی ئازاری سالی 1987 تێدا دراوە کە تایبەت بوو بە دانانی عەلی حەسەن مەجید، وەکو حاکمی موتڵەقی ناوچەی باکور، بۆ نەهێشتنو یەکلایی کردنەوەی کێشەی کورد، بەناوی تەفروتوناکردنی بەکرێگیراوانەوە.

بەپێی بەندی سێهەمی پەیمانی نیودەوڵەتی ساڵی 1948بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، تەنها نیاز لە تاوانەکە بەمەترسیداردەزانرێ، بۆیە هەر مامەڵەیەکی یاسایی وەك ئەوەوایە تاوانەکە ئەنجامدرابێ، بەڵام دەوڵەتی عێراق بە نیازەکانیەوە نەوەستاوە، بەڵکو زۆر لەپێش ئەنفالکردنیشەوە پیادەی تاوانە جینۆسایدکردنی کردووە، کۆمەڵکوژی کە لەزاکیرەی مرۆڤی عێراقیدا بەگشتیو کورد بەتایبەتی رەگوریشەیەکی کۆنی هەیە، بۆیە ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەکی گەورەیە، وا تێبگەین، تەنها تاوانە کۆمەڵکوژییەکان، دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدکردنەوە، نەخێر بەڵکو هەموو تاوانەکانی لە کوردستان ئەنجامدراون، تاوانی جینۆسایدین، لەبەرئەوەی مەبەست لەتاوانەکان تەنها سەرکوتکردن نەبووە، بەڵکو مەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی کوردو شوناسی نەتەوەیی کوردبووە. رەنگە هەندێك تاوانی ترهەبن، ئێمە بە شێوەیەکی راگوزەر تەماشایانبکەینو وەکو کۆمەڵە دەستەواژەیەکی سواو یان بەکاربراو، بێنە پێش چاومان، تەنها ئەو تاوانانە بەجینۆساید بزانین، کەوا زۆرترین قوربانیمان تێدا داوە، بەڵام لەراستیدا ئەو تاوانانەی لە ئاشتیدا پیادە دەکراون، گەلێك مەترسیدارترن لەو تاوانە جینۆسایدیانەی لەشەردا ئەنجامدەدرێن، وەکو تاوانی جینۆسایدی کلتوری؛ کە بریتین لە تاوانی سڕینەوەی ناسنامە، شێواندنی کەلتورو دزینی مێژووی نەتەوەیەك، هەروەکو دەوڵەتی عێراق لەدژی کورد پیادەی کردوون، قەدەغەکردنی زمانی دایك، تەعریبو گۆرینی ناسنامە کە بەزۆری لەناوچەکانی کەرکوكو موسڵو ئەوناوچانەی ئێستا پێیان دەوترێت تازە ئازادکراوەکان. بۆنمونە کوردەکان بەزۆر یان لەبەرانبەر پارەو ساماندا (اغراکردن) رەگەزی خۆیان گۆریووە لەکوردەوە بۆ عەرەب. ئەوەی بەعس ناوی نابوو (تصحیح القومیە) ئەمانە ترسناکترین جۆری تاوانن.

بۆیە لەوەشدا هەڵەیەکی گەورە دەکەین، بە لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجیدوچەند کەسێکی کەمینە لەوتاوانبارانە بەهارلەخۆمان بهێنینە چۆکاو وابزانین هەموو شتێك برایەوە، کورد وەکو گروپێکی جینۆسایدکراو، نەك هەرلەسەردەستی بەعس بەڵکو هەر لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە تاوانی جینۆسایدی لەدژی ئەنجام دەدرێت، کۆمەڵکوژیەکانی دەولەتی عێراق بەرلە هاتنە سەرحوکمی بەعسیەکان، جۆرێکی جینۆسایدن، کوشتنی بەکۆمەڵ لە گوندەکان، بیرکێو ەندیناواو، شارۆچکەی کویە، هەروەها بەکۆمەڵکوشتنی پیاوانی شاری سلێمانی لە حامیە، کە هەموو ئەمانە لە بەرلە هاتنە سەرحوکمی بەعسیەکان، ئەنجامدراون.

بەکورتی تاوانە جینۆسایدیەکان لەلایەن دەولەتی عێراقەوە، هەرلە دروستبوونیەوە تا روخاندنی واتەلە سالی 1920 وە بۆ سالی 2005 تەواو شیرازەی کوردی گۆریوەو کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژییەتی تاکی کورد داناوە، ئەگەردیقەتبدەینە سیاسیەکوردەکان، بەروونی ئەو راستیە دەبینیت، کەچەندە لەبەرانبەر یەکتر دڵرەقو لەبەرانبەر بێگانەیەك نەرمو نیانن. چەندە لەگەڵ یەك نەبیستو نەسەلێنو لەبەرانبەر هەرهێزو کەسایەتیەکی دەرەکی لاوازو شەرمنن. ئەوە لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاکێك یان

هاوڵاتیەکی ئاسایی هەرمەپرسە چ ویرانستانێکە.

لەبەر رۆشنایی یاسای نیودەوڵەتیو پەیماننامەی نیونەتەوەیی بۆقەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، ئەوتاوانانەی لەکوردستانو بەتایبەتی دژی کورد ئەنجامدراون ( زۆربەی هەرە زۆریان تاوانی جینۆسایدین) لەبەرئەوەی ئامانج لە تاوانەکان، بۆلەناوبردنی رەگەزیو بوونی نەتەوەیی کوردبووە، هەوڵەکان بۆئەوە بوون کورد وەکو نەتەوە بسرنەوە، هەر تاوانێك بۆ سرینەوەی ناسنامەو فەوتاندنی رەگەزیی بێت دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە. لە بەڵگەنامەیەکی نوسینگەی باکوردا، بە روونی دەردەکەوێت، کە عەلی حەسن مجید وەکو دەسەلاتدارێکی دەوڵەت چۆن مامەلەی لەگەڵ هەلومەرجەکەدا کردووە، بەڵگەنامەکە بە ئاشکرا باس لە جینۆسایدکردنی کورد دەکاتو لەچەند خالێکدا خۆی دەبینێتەوەو تێکرای ئەو خاڵانەی لەبریارەکەدا هاتوون، باس لەکوشتنو ئازاردانو روخاندنو تالانکردنی سەروماڵی هاولاتیانی کورد دەکەن لەوناوچانەدا، بریارەکە ژمارە(4008/28)ی بەرواری 1987/6/22ی هەلگرتووەو لە لایەن نوسینگەی رێکخستنی باکورەوە ئاراستەی یەکەکانی سوپا" فەیلەقی یەكو فەیلەقی پێنج"و بەرێوەبەرایەتیە کانی ئەمنو موخابەراتو فەوجەکانی دیفاع وەتەنی "جاش" کراوە.ئیتر ئەو بەڵگەنامەیە هیچ تەمومژوگومانێك لەسەر جینۆسایدو تاوانە نیونەتەوەیەکانی دژبە کورد ناهێلێتەوە، کە دادگای بالای تاوانەکانیش وەك بەلگەیەکی بەرجەستەو باوەرپێکراو بەکاری هێناوەو بریاری لەسەرداوە، ئەوەی دەمێنێتەوە، کارکردنە لەسەر چنینەوەی دەستکەوتەکانی بریارەکە.